# بایکۆتی شتومەکی تورکیا بکەن!

**ڕێبوار ڕەشید**

سێشەممەی ڕابردوو، ٢٠٠٧/١٠/٢٣، نێزیکەی هەفتەیەك پاش بڕیاری پارلەمانی تورك بۆ ڕازیبوون لەسەر هێرشکردن بۆ سەر کوردستان، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرەکوەزیر کاتێك لە هوتێلی لەندەن قسەی بۆ بزنێسمانی ئینگلستانی دەکرد ڕای گەیاند کە "حوکمەتی تورکیا بیر لە دانانی ئابلۆوقەی ئابووری لەسەر دەراوسێی خوارووی خۆرهەڵاتی دەکاتەوە".

ئەردۆغان ڕوونی کردەوە کە مەبەستی لە شتومەکی سەرەکیە و باسی کرد کە تورکیا هەناردنی گرینگی وەکوو "ئەلەتریك، ئاو، خۆراك، شتومەکی ناوماڵ و کەلوپەلی ئەلەکترۆنیك"[1] بۆ ئێراق دەنێرێت.

ڕۆژی چوارشەم، ٢٠٠٧/١٠/٢٤ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی National Security Council - MGK کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر تورك و حوکمەت هەیە ڕای گەیاند کە پێشنیاری بە حوکمەت کردووە ئابلۆوقەی ئابووری لەسەر ئەو لایەنانە دابنێن کە یارمەتی پ.ك.ك. دەدەن. ڕاگەیاندنەکە سەرئەنجامی شەش کاژێر لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورك بوو و دەڵێت: "ئەنجوومەن پێشنیاری بە کابینەی حوکمەت سەبارەت بە هەنگاوی ئابووری کردووە کە دژ بەو لایەنانە بخرێتە کار کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا پشتگیری لە ڕێکخراوی تیرۆریست دەکەن".

سەرەککۆمار عەبدوڵا گوڵ، سەرەکوەزیر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرەکئەرتەش جەنرال یاشر بویوکانت لەوانە بوون کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون.

بە پێی ڕاپۆرتەکە هەناردنی تورکیا بۆ "باکووری ئێراق" ساڵانە زیاتر لە دوو بلوێن دۆلارە و پسپۆڕێکی ئاسایش بە ناوی سیادەت لاچنەر دەڵێت: بە ڕوونی دیارە ئامانجی ئابلۆوقەکە بارزانیە نەك پ.ك.ك"[2].

هەڵبەتە بە پێی ڕۆژنامەی "تودەیس زەمان Today's Zaman"[3] فرۆشتن و هەناردنی تورکیا نێزیکەی ٣ بلیۆن دۆلارە و سەرجەم شەشسەد (٦٠٠) شیرکەتی تورکیی لەو کارەدا لە "باکووری ئێراق" بەشدارن و لە هەموو ئێراقدا هەزارودووسەد (١٢٠٠) شیرکەتی تورکیا چالاکن. پار، ساڵی ٢٠٠٦، ژمارەی ٨٢٤٦٢٨ ئوتومبێل و بارهەڵگر چوونەتە ناو "باکووری ئێراق" و تورکیا نێزیکەی ٢١ ملیۆن لیرەی باج و ١،٦٤ ملیۆن سزای وەرگرتووە و بایی ٦،٣ ملیۆنیش شتومەکی "قاچاخ" گیراوە.

لەو ٦٠٠ شیرکەتە ١٥٠ دانەی زۆر گەورەیان لە سلێمانی و هەولێر خەریکی پرۆژەی گەورەن. لە دهۆك لە کۆی ٣٥٠ ملیۆن دۆلار تورکیا توانیویەتی ٦٥٪ (شەستوپێنج لە سەد)ـی ئەو کارانە وەربگرێت. شیرکەتی ماك یۆلی تورکیی (Mak-Yol) پرۆژەی فرۆکەخانەی هەولێری لە دەستدایە کە بایی ٤٨٠ ملیۆن دۆلارە. شیرکەتی تەپە کۆنسترکەشن (Tepe Construction) پرۆژەی زانکۆیەکی لە سلێمانی هەیە کە بایی ٢٥٠ ملیۆن دۆلارە. ساڵی ٢٠٠٣ شیرەکەتە تورکیەکان بایی ٢٤٠ ملیۆن دۆلار کاسپیان هەبوو، ساڵی ٢٠٠٤ بوو بە ٧٦٧ ملیۆن و لە ٢٠٠٥ دا بوو بە ١،٥ بلیۆن و ئێستا نێزیکەی ٣ بلیۆن دۆلارە.

ڕاپۆرتی لەو شێوەیە تێروتەسەل زۆرن و هەموویشیان بە گشتیی بایکۆتی ئابووری بۆ سەر کوردستان بە زەرەر دەبینن نەك قازانج. دۆگان قەرە دێنیز (Dogan Karadeniz) کە سەرۆکی گرووپی وزەی قەرە دێنیزە ( Karadeniz Holding Energy Group) دەڵێت کە ٩٪ (نۆ لە سەدی) وزەی ئەلەتریکی ئێراق دەدەن، و دووپاتی دەکاتەوە کە هەر کاتێك حوکمەتی تورکیا پێیان بڵێت ئامادەن ئەو وزەیە ببڕن.

ئەمڕۆ، دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٩ هەشتاوچوارهەمین ساڵڕۆژی کۆماری تورکیایە. هیچ ساڵێکی لەوەبەر دەوڵەتی تورك بە قەیرانی وەکوو ئێستادا تێنەپەڕیووە. بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان نەك هەر کۆتایی پێ نەهێنرا بەڵکو لە هەر کاتێکی دیکەی بەهێزترە، خەباتی پارلەمانی و یاساییانەی کورد لەو بەشەدا

[1] www.turkishpress.com
[2] www.turkishdailynews.com
[3] www.todayszaman.com

سەرکەوتووە، حوکمەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا هەڵوێستێکی جوامێرانە و ڕوونی هەیە، و وەکوو هەموو ئەمانەش گرینگ یەکێتیەکی پتەو و دڵخۆشکار لە ناو نەتەوەی کورددا هەیە کە لە خۆپیشاندان و نارەزاییدەربرینە بەئەژمارەکاندا دەیبینین.

دراوسێیەکانی تورکیا کە لە مێژوودا تورکیا دوژمنایەتیەکی بێمانا ڕەقی کردوون بە گشتیی خوازیاری هەبوونی تورکیایەکی بێهێز و لاوازن، هەرچەندە تەنانەت ئەگەر کۆنگرێسیش بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنیەکان بسەلمێنێت لە ڕووی یاسایی و هیچ مانایەکی خەتەری تایبەتی سیاسیی و ئابووریی بۆ تورکیا نییە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەرمەنیەکان هەنگاوێك زیاتر بە زەرەری تورکیا چوونەتە پێش. یارەکانی تورکیا لە دەمی جەنگی سارددا گۆڕاون و هاوپەیمانیەتیەکان هەمان شت نیین و هەمان مانا نابەخشن. زۆرینەی یەکێتی ئورووپا دژ بە ئەندامبوونی تورکیایە، بە هەرحاڵ لەم شێوەیەی ئێستادا کە تورکیا هەیەتی. دەشبینرێت کە ئەمەریکا هەمان ئەو قورساییە بەو هاوپەیمانیەتیە نادات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ تورکیا هەیبوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پاشینەیە جێی خۆیەتی گەلی کوردستان فێر بێت کە ڕووبەڕووی تورك وشەی "نا" و "نەخێر" و "ئیتر بەسە!" لە جێی خۆیدا بەکار بهێنێت.

هەندێك توێژەوەری سیاسیی دەڵێن کە حوکمەتی ئەردۆغان لە ڕاستیدا لەگەڵ شەڕدا نییە بەڵام دەیانەوێت سوپا وەگیر بێنن و پێی بڵێن: ئێوە کە هێندە خۆتان دەهێنن و دەبەن فەرموون، ئەوە ڕەزامەندیی سیاسییشتان لە دەستدایە، بزانین چیتان بە زەبروزەنگ پێ دەکرێت.

توێژەوە تورکەکان مەبەستیان ئەوەیە کە ئیتر حوکمەتی ئەردۆغان بە خەڵك بڵێن ئێمە بڕیاری سیاسیشمان وەرگرت و هەلمان بە سوپا دا کە ئەو کێشەیە بە زەبر چارەسەر بکەن بەڵام پێمان نەکرا. بەو شێوەیە زەمینە بۆ هەنگاوی دووهەم خۆش دەکەن کە پەنابردن دەبێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگاگەلی ئاشتی.

ئەوە یەکەم جار نییە کە سوپای تورك هێرش بەرێتە سەر کوردستان. لەو ٢٢ ساڵەی دواییدا تورکیا لانی کەم ساڵی دوو جار هێرشی بەربڵاوی کردووە و چەند جارێکیش بە داخەوە بە هاوکاری و یارمەتی کورد خۆی. ئێستا کە تورکیا باسی هێرش دەکات دیارە شێوەیەکی دیکەیە وەك لەوانەی تا ئێستا کردوویەتی. ئەوەیش لێدانە لە باشووری کوردستان.

بە هەر شێوەیەك، تورکیا بتوانێت دەست لە باشووری کوردستان بووەشێنێت یان نا و ڕەهەندی ئەو دەستدرێژییە چەند دەبێت هێشتا ماوە ببینین، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە تورکەکان بەر لە هەر شتێك مەراقیان ئەو دەستکەوتن و سەرکەوتن و تەباییەیە کە ئێستا لە باشووری کوردستان هەیە. ئەوان دەیانەوێت بە هەر جۆرێك بێت ئەو ئەزموونە لە بار ببەن.

باشترین ڕێگا بۆ کوتانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکار ڕێگاگەلی ئاشتییە، بەڵام هیچ کاتێك خەباتی ئاشتی نابێت ئەوەمان لە بیر بەرێتەوە کە دەبێت ئامادەگیی تەواوی خۆپاراستنمان دژ بە تورکیای داگیرکار و هەر داگیرکارێکی دیکە هەبێت.

ڕێگاگەلی ئاشتیی بە زۆر مانا دێت، بۆ نموونە بایکۆتکردنی شتومەکی تورکیا. نەکڕینی شتومەکی تورکیا و نەدانی کار و پرۆژە بە تورکەکان دەتوانێت چەکی کاریگەر بێت. جێی داخ و ڕەخنەی جیددیە کە تا ئێستا حوکمەتی کوردستان نەیتوانیووە سیاسەتی کشتوکاڵ لە باشووری کوردستان لە وابەستەیی چواردەور ڕزگار بکات و تورکیا و ئێران بتوانن بە تەماتە و خەیار و سەوزەش هەڕەشە لە ئازادیی و ویژدان و هەبوونمان بکەن. یاخود لەبەر پارەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ نەڕووانرێتە ئەو خەتەرە گەورانەی کە وابەستەیی کشتوکاڵیی و شتومەکی دیکە هەڕەشە لە سەروەریی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازەنەمان دەکات.

تورکیا ڕووبەڕووی قەیرانی زۆر گەورە بووەتەوە و بەری ئەو دوژمنایەتیە خوێنینە دەچنێتەوە کە ٨٤ ساڵە دژ بە گەلان و وڵاتانی ناوچەکە کردوونی و دەیانکات، هاوکات کە کورد کارتی سیاسیی، ئابووریی و دیپلۆماتیی زۆری بە دەستەوەیە بەکاریان بهێنێت.

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢٩ لە یادی ٨٤ هەمین ساڵیادی کۆماری تورکدا عەبدوڵا گوڵ دەڵێت: "هەروەکوو چۆن وەك یەك گەل لە جەنگی سەربەخۆییماندا پێکەوە بووین، ئەمڕۆش خەبات بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە دەکەین کە لە بەردەم یەکێتیەکەماندایە".

عەبدوڵا گوڵ ڕاست دەکات و عیسمەت ئینەنوێ، مستەفا کەمال ئەتاتورک و ئەجەوید و سلێمان دیمرال و ئی تریشیان زۆر باسی ئەم قسەیەیان کردووە، کە کورد و تورک، وەك یەك گەل لە جەنگی سەربەخۆییدا بەشدار بوون، بەڵام هیچ تورکێك تا ئێستا ئەو هاوکێشەیەی ئیسمایل بێشکچی ڕوون نەکردووەتەوە کە پرسیار دەکات و دەڵێت، ئەی چۆنە کە تا ئێستا: "کورد + تورك = تورك؟"
لە هەموو دانیشتن و کۆڕ و کۆمەڵ و چالاکیەکی سیاسییماندا دەبێت ئەو هاوکێشەیە بهێنینەوە بیری دانیشتووان و گوێگران و بینەران. خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکرات بێگومان هەر بەردەوام دەبێت.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/١٠/٢٩